# هەرەس: ئەو نەڕەدێوەی، کە لە کۆڵمان نابێتەوە

ئەمجەد شاکەلی

کاکەوەیس: تەونی جاڵجاڵۆکە
ڕۆمان
چاپی یەکەم، سوید 1998
پەخشخانەی ڕابوون

هەرەس شەوەیەکە و دەستی ئێمە. هەرەس مێردەزمەیەکە و کردووەتەوە و توند ملی هەرەس نەڕەدێوێکە ناویەتە دەمانرەتێنێ. هەرەس هەر خستووەتە ناقرەی هەموو یەکێک لە جووتەی گونی بەسەر ملماندا شۆڕ گرتووین و بەکاوەخۆ دەمانتاسێنێت. ڕەتمانەوە و هەر بەشوێنمانەوەیە و دەڵێی تەوقێکە و لە ملی کورد کراوە.
هەر 1975 هەرەس نەبوو، بەڵکە هەموو مێژووی کورد هەرەسە. شێخی نەهری، شێخی پیران، سەییدی دەرسیم، شێخی حەفید، سمکۆ، کۆمارەکەی مەهاباد، دەستپێکردن بە شەڕی چەکداری لە باشووری کوردستان لە 1961دا، 1964و لادانی بەشێک لە سەرانی پارتیی و کەرتبوونی بزاڤی کورد، ئایدیۆلۆژیاندنی جاشایەتی1966، 1975ی باشووری کوردستان، دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە باشووری کوردستان لە 1975 بە دواوە، سازکردنی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە 1979دا، شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستان، ئەنفال، هەڵەبجە، کۆڕەوی خەڵکی کورد لە 1991دا، ماچەکانی بەغدا، برسییەتی و گرانی، ژنکوشتن، هەلاتن و ڕەو و بەجێهێشتنی ولات بەرەو ئەوروپا، فەرامۆشکردنی شەنگار و شێخان و کەرکووک و خانەقین و مەندەلی، نەمانی گوندان، نەمانی ژێرخانی ئابووریی ولات، ئەمانە گشتیان و. . . زۆری دیکەش هەرەسن. چی هەرەس نییە؟ کێ هەرەس نییە؟ کوێ هەرەس نییە؟ هەموو هەر هەرەسە و کورد بۆخۆی هەرەسێکی گەورەیە. هەرەس لە خوێنی مرۆڤی کورددایە. هەرەس تەنێ "خێڵەکی" نییە، بەڵکە ئەفەندی و مەکتەبلی و خوێندوو و خۆ بە"ڕووناکبیر"زانە. دەردەکەش تەنێ هەڵگیرسێنەران و بازرگانانی حیزب و چەکداران و شەڕخوازان و کونەپەپووی خەباتی خوێنین و درێژخایەن، نین، بەڵکە بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردە، هۆش (عەقڵ) ی مرۆڤی کوردە، تێڕوانینی مرۆڤی کوردە. هەرەس مۆرفینە و بەنگە و مرۆڤی کوردی بەنج کردووە، هەر بۆیەش مرۆڤی کورد لە هەرەسێکەوە بۆ هەرەسێکی دی هەنگاو دەنێ. مرۆڤی کورد مرۆڤێکی هەرەسێنراوە و هەموودەم دەهەرەسێ.

لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا، کە لە هەرەسدا دەست پێ دەکات و لە هەرەسدا کۆتایی دێت، کاکەوەیس چاوەکانی، هەردوو گوێی، دڵی، هەستی، هۆشی، هەموو دەبنە کامیرایەک و زۆر بە باشی و زیرەکانە لە نێوان کەسەکاندا، خەڵکەکەدا دەجووڵێتەوە و دەگەڕێت و لەگەڵیاندا دێت و دەچێت. کاکەوەیس کامیرایەکەی لەمەوە دەخاتە سەر ئەوی دی و وێنەکانیان، دەنگیان، سیمایان، تەواوی جموجووڵیان، بۆ ئێمەی خوێنەر ڕادەگوێزێت. کاکەوەیس بەنێو ژوورەکاندا، لە دیوەخانەکان، ئەشکەوتەکان، نوال، لەپاڵ و چیاکاندا، لە نێو جێگای نووستندا، لە مزگەوتەکان، بار و مەیخانەکان، بارەگاکان، جێگەی کار و ژووری ئاساییش (ئەمن) و چایخانەکاندا، وەدووی کەسەکانەوەیە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیاندایە و سێبەرئاسا لێیان دوور ناکەوێتەوە و وێنەیان دەگرێ و بەنێو بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەکاندا، ڕەوتی ژیانیان، سۆز و خۆشەویستیی، تۆڵە، کارتێکردنی قووڵی دەوروبەر، بەنێو ئەمانەدا دێت و دەچێت.

کەسەکان، خەڵکانێکن دەناسرێنەوە و هەموومان پێیان ئاشناین، کوڕی ئەو، کچی ئەم، برای من، پسمامی ئەوان، گوندیی، شاریی، نەخوێندوو، خوێندوو و هی ئەو گەڕەک و کۆلان و گەرمێن و کوێستانەی خۆمانن. زۆریان ماون و زۆریشیان تێدا چوون. هەژار، کاکی گەورە، هەقەلی، میرزا حوسێن، مامۆستا سەعید، حەسەن، جەبار، سەلمانەکوێر، کوردۆ، ڕووناک، کاک عومەر و کابرای فەرەنجیی لەبەر، ئەمانە هیچیان بە ئێمە نامۆ نین. کێ لە ئێمە یەکێک یا چەند یەکێک لەو کەسانە ناناسێت؟ ئەوان کەسی ئێمەن، ئێمە بەردەوامیی ئەوانین. کاکەوەیس خۆیشی یەکێکە لەوان و ئەوانیش کەسانێکن لە ئێمە و ئێمەن. ئەوان ئێمە خۆمانین.

www.kurdistannet.org
4-8-2003 0:51

کەسەکان زۆرجاران کاسن، هێرن، گێژن، تەپیون و ڕاڕایی و دوودڵیی و ئەمبەر و ئەوبەر و بێبڕواییان پێوە دیارە، و هەرچەندە هی ئەم سەردەمەن، بەڵام قورسایی تەواوی مێژووی هەرەسایەتی و دۆڕانی کوردیان، وەک کۆڵەپشت بە کۆڵدا داوە و ناتوانن دەستبەرداری ببن و لێیان نابێتەوە، ئەوان نموونەی خەڵکی کوردن. ئەوان نەوەی هەرەسن.

شوێنەکانیش بە ئێمە نامۆ نین، بەغدا، ئەبونەوواس، شەوانی دیجلە، بارادایس، قەنبەرعەلی، مەیدان، عەگدلئەکراد، چایخانەی پەرلەمان، ڕەسافی، چایخانەی کندی، هوتێل نەزار، حەیدەرخانە، حاج زەبباله، چایخانەکەی ئەبو سەباح، نەهزە، وەزیرییە. . . ئەمانە هەموویان مەکۆی عاشقانی شۆڕش و خەونبینانی ئازادی و پلیشاوانی ژێر هەرەسیش بوون. گرێدانی ئەم شوێنانەش بە چیا و بنکە و دۆڵ و ئەشکەوتەکانی کوردستانەوە و گواستنەوەی خوێنەر لە نێوانیاندا، کارێکە بە جوانی کاکەوەیس ئەنجامی داوە. گومان تەوەرێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا. هاوڕێ، هەڤاڵ، هاوبیر، برا، گومان لە هاوڕێ و هەڤاڵ و هابیر و برایەکەی دیکەی دەکات، هاوڕێ، هەڤاڵ، هاوبیر، برا، گومان لە بەرپرسی شانە حیزبییەکەی دەکات. هەمووان گومان لە کاکی گەورە دەکەن. کاکی گەورە گومان لە هەمووان دەکات و تۆوی گومان لە دڵ و دەروون و ناخی هاوڕێ، هاوبیر، هەڤاڵ و برایانی خۆیدا دەچێنێت. بڕوا نییە و هەمووان هەوڵی پاشقولدانن لە یەکدی و هەمووان یەکدی دەکەنە پەیژە بۆ سەرکەوتنی خۆیان. تەنانەت ژن و مێردیش بڕوا بەیەک ناکەن. هەقەلی وەک چۆن لە سەلمان بەگومانە هەرواش لە ڕووناکی ژنی خانەگومانە. گومان هەموو شتێک کرمۆڵ دەکات. گومان هەموو شتێک بنکۆڵ دەکات و دایدەپێنێ و دەیڕووخێنێ. مرۆڤ تەنانەت لە خۆیشی دەکەوێتە گومانەوە. موزەففەر ئەلنەوواب دەڵێ:" **بدأت أحاذر حتى الحيطان. . أولاد القحبة. . لا أستثني منكم أحدا. . إن حظيرة خنزير أطهر من أطهركم**= تەنانەت خەریکم سڵ لە دیوارەکانیش دەکەمەوە. . کوڕانی قەحبە. . کەستان لێ نابوێرم. . گەوڕی بەرازێک لە پاکژترینتان پاکژترە".

کاکەوەیس نیشتمانپەروەریی، حیزبایەتی، کوردایەتی، سیاسەت، ڕێکخراو، ڕێکخستن، شەڕ، ئاشتی و "شۆڕش"، هەموو دەخاتە ژێر پرسیارەوە. داب و نەریت و شتی باو، خێڵ، ئایین، پێوەندە جڤاکییەکان، گەورە و بچووکی، ڕێز، پیرۆزیی، هەموو ئەمانە لای کاکەوەیس جێی پرسیارن و شیاوی لێوردبوونەوە و شیکردنەوە و گومانلێکردنن. هەژاندن و وروژاندنی بیر و قوتکردنەوەی پرسیار، مرۆڤ بەرەو لەنگەری بڕوا دەبات و گومان ڕێگای بڕوایە"**الشك طريق اليقين**".

دەسەلات"تێلا"، کە نە ڕەنگ و نە ڕەگەز و نە نەتەوە و نە ئایین دەزانێت و کورد و ناکورد و کات و شوێنی بۆ نییە، کە دزێوترین و قرێژترین شتە لە مێژووی مرۆڤدا و سەرچاوەی گشت دەرد و پەتا و درم و بەدبەختی و کوێرەوەری و داپڵۆسین و چەوساندنەوەیەکی مرۆڤە، لای کاکەوەیسیش، خودان و پارێزەری یاسایە"تێلا پارێزەری یاسایە، ئەوەی تێلای بەدەستەوە بێ یاسایشی بەدەستە" ل155، لێ کام یاسا؟ تاکە یاسایەک، کە لە ئارادایە و کاری پێ دەکرێ، یاسای سزادان، گوللەبارانکردن، لەحەوز هەڵشەپاندن و بە خیانەت و خیانەتکاریی تاوانبارکردن. کە کاکەوەیس پێشنیازی"چەند لێتان جوان دێ لە بەرەیەکدا کۆوە بن و ناوی خۆتان بنێن بەرەی سزاچییانی کوردستان. . . بەکورتکراوەیی دەبێتە (بەساج) "، ل154، دەکات، ئەو باش دەزانێ، کە تەواوی ئەو "بەساج"یانەش وڵات و نیشتمانێکیان خۆش دەوێ، کە خۆیان تێیدا دەسەڵاتدار"تێلابەدەست" بن و بەو مەرجەش، تەنێ ئەو مەرجە، وڵاتپارێزی دەکەن و نیشتمانیان خۆش دەوێ.

تەونی جاڵجاڵۆکەش، وەک عەریف عۆدە، 1963، . . . و، نووسین و وەرگێڕانەکانی دیکەی کاکەوەیس، خەم و پەرۆش وپەژارەکانی کاکەوەیس بە ڕوونی دەردەخا. کاکەوەیس مەسەلەی نەتەوەکەی (کورد) وەک خاچەکەی عیسا داوە بە کۆڵیدا و بە شوێن لەنگەرێکدا دەگەڕێ. ئەو لەنگەرەی ئەویش بە دوویدا وێڵە، سەربەخۆیی و سەربەستی وڵاتەکەیەتی، کە سەلمانیش "گوایە" هەوڵی بۆ دەدا.

تەونی جاڵجاڵۆکە، خوێندنەوەیەکی دەروونیی مرۆڤی کوردە. ناوەوەیان دەخوێنێتەوە و بە دەروونیاندا دادەچۆڕێ و گرێکوێرە و ئاڵۆزییە ڕەوانییەکانی مرۆڤی کورد دەخاتە ڕوو. گەڕانێکە بەدووی سەرە داوەکاندا، کە هێندە ئاڵۆزکاو و تێکەڵ و پێکەڵن"خاتوون خان. . . کاک سەلمان. . . کاکی گەورە. . . ئاسایش. . . ناوشاخەکان. . . بەغدا و ئەمانە هەموو سەروبنی یەکن. . لەڕاستیدا هەر یەکێکن و لەو خەڵکە کراون بە بەرەی جیاواز و دژ بە یەک". ل113، کە کاکی گەورە و کوردۆ و سەلمانەکان" سیاسەتکاران و سەران" و کێ و کێی کورد هەر یەکەو سەرێکیان گرتووە و سەرەکەی دیکەشی مەگەر خودا بۆخۆی بیزانێ بەدەست کێوەیە!.

تەونی جاڵجاڵۆکە، پڕە لە هەستیی دژ بەیەک و دوولایەنە، واتە: کۆکردنەوەی دوو شتی جیاواز لە یەک وێنەدا، خۆشەویستی و ڕق، ئازایەتی و خوێڕییەتی و هەڵهاتن و ملکەچکردن، سووربوون لەسەر بیروباوەڕ و داتەپین و ڕووخان و دۆڕان. میرزا، هەژار، حەقعەلی، مامۆستا سەعید و کوردۆ، کە لایەنی چاکەی مەسەلەکە- کوردایەتی-ن، دۆڕاو و دەستەپاچە و کوژراون. سەلمان، کە نیشانە و نموونە و نوێنەری خراپە و بەدایەتییە، لە نێویاندا زاڵە و هەڵدەکەوێ. کۆکردنەوەی هەموو ئەم دوولایەنی و دژ بە یەکیانە و یەکخستنیان، دانپیانان و پاکانە و ئازایەتییە بەرانبەر ژیان و هەلومەرج و ڕاستییەکان. هەر بۆیەش تەونی جاڵجاڵۆکە تا ڕادەی بریندارکردنیش ڕاشکاو و ڕاستگۆیە.

کەلێنێک-بەلای منەوە-کە لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا وەدی دەکرێت، پشتگوێخستنی کێشەی چینایەیەتییە. کاکەوەیس - بە حوکمی بیروباوەڕ و دیتنە نەتەوەییەکەی- دوور و نێزیک بەلای ئەو باسەدا نەچووە و خۆی لە قەرەی نەداوە، وەک ئەوەی، کە کوردستان وڵاتێکی بێچین بێت و بیری نەتەوەیی بەتەنێ هەناسە، خۆراک، خواردنەوە، پۆشاک، سێکس و کار"نان و گان و ئیسراحەت"، بۆ هەموو کورد، دابین بکات. هەر بۆیەش سەردەستەیی و زاڵبوونی بیری نەتەوەیی، وای لە کاکەوەیس کردووە، کە لە هەڵبژاردنی کەسەکانیشیدا، پتر، ڕوو لە خەڵکانی سەر بە توێژی خوێندوو و کارمەند و ئەفەندی و لەڕووی چینایەتیشەوە سەر بە چینی بۆرژوازی بچووک بکات.

زمانی ڕۆمانەکە، زمانێکی پاراو و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵە. نووسەر، وەک تەواوی نووسینەکانی دیکەیشی بۆ وشە و دەربڕین دانامێنێت و وشەیش داناتاشێت. کوردییەکەی کاکەوەیس، کوردییە پاکژەکەی دەشتەکەی کەرکووک (حەسار) ە و دیارە بێچووە سۆنەش مەلەوانە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شتی بەسەردا تێپەڕیوە، کە پێموانییە هەڵەی چاپ بن، چونکە گەلێک هەڵەی چاپیش، لە کتێبەکەدا بەرچاو دەکەون. وشەی هزر و هزرکردن (ل35، 55، 151) بە واتەی: هرس و هرسکردن (هضم) بەکار براوە، لەکاتێکدا هزر واتەی: بیر و بیرکردنەوە و تێفکرین دەگەیەنێت. وشەی کورژ (ل35) لەبری کرژ یا گرژ بەکار براوە.

لەنێو ئەو هەموو تاریکستان و گێژاو و گومانستان و هیوابڕاوی و دۆڕانەدا، کە تەونی جاڵجاڵۆکە گرتوویەتییە خۆی، ئەگەر تاکە تروسکەیەکی ڕووناکایی وەدی بکرێت و ئومێدبەخش بێت و برێک دڵ فێنک بکاتەوە، تەنێ دەنگە کچانە ناسک و بەژیان ئاوسەکەی خوشکەکەمانە، کە بە"بەرەو سەردەشت دەچین. . . مامۆستا" وەرامی مامۆستا سەعید دەداتەوە و بەوەش ڕۆمانەکە کۆتایی دێت.

ئەگەر کورد ڕۆمانی بووبێ و هەبێ، ئەوا تەونی جاڵجاڵۆکە، نۆبەرەڕۆمانی کاکەوەیس، یەکێکە لە ڕۆمانە باشەکانی. ئیدی دوای ئەزموونی تەونی جاڵجاڵۆکە، کاکەوەیس، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت زۆر بە باشی خۆی بۆ ڕۆمان نووسین تەرخان بکات.

ئایاری 1998

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.